کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-5-2007 18:30بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ژن بە داوێنی ڕووت و خوێناوی منداڵی بۆ نیشتمان دەبێ ... سەباحەت تاهیر

کەنەدا

لە حەشری بەردبارینی دوعای فەرپکە کچ زۆر شت فێربووین و زۆر ڕاستی بەرجەستە بوون کە دەبوایە



لە کلاسی ژیان فێری ببواین نەك لە کلاسی بەردبارین و ئەتك و فەتك کردن و ڕێسوا کردنی جەستەی کاڵ کچۆڵەیەك بەڵام ئەمە قەدەری شەهیدەکانە کە بە فەنای خۆیان چرایەك لە تونێلە تاریکەکان داگیرسێنن. چرایەکەش هەردەم لە بەردەم هەڕەشەی زریانە...

هەبوونی ئەو (گەلە بَکوژانە) کەهەمویان لەم حەشرو قیامەتی بەرد بارین و ئەتك و فەتکە بەشدارن دڵدەتۆقێنێ، هیوا بنبڕ دەکات و نیشتمانەك دەخاتە بەرپێ ی فەنا بوون.

، ئاخر ئەم (گەلە بکوژە) نە سێبەرن نەجنۆکەن نەلە ئاسمان نێردراون ئەمانە بەشێکن لە پێکهاتەی ئێمە بەشێکن لەپێکهاتەی شارو گوند و ڕێ و لاڕێ و فەرمانگەو ئیدارەو حکومەت و پۆلیس و یاساو حیزبەکان، ئەم (گەلە بکوژانە) نە گورگن نە دەعبا لە جەنگەڵ هاتبن، ئەمانە خەلکی مەملەکەتەکەی ئێمەن، ئەمانە واریسی ئەو شەڕەفەن کە بە ئەتك کردنی ژنان دەپارێزرێ، ئەو بکوژانە بەهەموو بکوژە دیارو نادیارەکان دەچن کە پڕڕی شارەکانن، زۆر عەیبە کەس خۆی نا کا بە ساحێبیان ... . !!!!!!

ئەم گەلە بکوژانە بە چەخماغەیەك ڕۆح و جەستەو وولات و میللەت و ئێستاو داهاتوو غەرقی بەرد دەکەن، ئەمانە ژن و کچۆڵە و وولات ڕووت و قووت دەکەنە وەو ئەتکیان دەکەن و دەیانهاڕن.

ئەم گەلە بکوژانەی چەغماغەی کوشتنی شەڕەفن... چەغماغەی کوشتنی میللەت و وولاتیشن ... . چەغماغەی کوشتنی هەموو (ئەوی ترن) هە ر ئەوانەش بە ناوی شەڕەفی دوعا دەیانەوێ ئێزدیەکان قەتل وعام بکەن

ئەوەی ژنێك دەکوژێ... یان جاڕی کوشتن و ئاسان کاری بۆ کوشتنی ژن دەکا... چ جایەك بەر بەستیەتی بۆ کوشتنی نەتەوەو میللەت و وولات و (ئەوی تر) ... ؟؟؟؟؟؟

ئەو بازنەیەی گەلە بکوژەکان لە دەوری جەستەی دوعای کچۆڵە کردیان، ئەو بازنەیەی حەشروقیامەت و دۆزەخی سڕینەوەی جەستەو ڕۆحی دوعا ی لێ سازکرا، کت و مت لەو بازنەیە دەچێت کە ژن و ئازادی و میللەتی ڕۆژانە لێ بەردباران دەکرێ وئەوجا شەت و پەتیش دەکرێین

، باشە ژن و میللەت بۆ ئەوەندە لە یەکتر دەچن ... ؟؟؟باشە بۆ دەبێ قەدەری ئازادی ژن و میللەت لە ئەستۆی پیاوە بەرد لەدەستەکان بێ؟؟؟

لەناو ئەو بازنەیەی بە (گەلە بکوژی) بەرد لەدەست تەنراوە دامێن و سمتی ژن و میللەت ئەتك و ڕیسواو بەردباران دەکرێ.

ئاخر ژن کە منداڵ بۆ میللەت دەهێنێ و داهاتووی دابین دەکا سەرتاپا دامێنی ڕووتی غەرقی خوێن دەبێ، کاتێ دامێنی ژن بە ئەتك ڕووت دەکرێ و بە ئەتك غەرقی خوێن دەکرێ دوا ڕۆژو داهاتووی میللەت و نیشتمان دەمرێ.

من چەند بەستەزمان و نەفام بووم ئاخر تا ئەم حەشرو دۆزەخەم نەدی بە تەواوی بۆم ساغ نەبووبۆ کە ئێمە لەکۆڵان و گەرەك و گوندو شاروهەرێم و دەزگاکان و پۆلیسخانەو مەکتەبخانەو ... هتد. بە بکوژ دەور دراوین ... ئیتر ئێمە چۆن بوێرین لە توخمی کچ و ژن بین؟؟؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

من نازانم بۆ مەرگی ژن بگریم؟؟؟یان بۆ ئەو خەونانەی (گەلە بکوژەکان) گەمارۆیان داوەو ئەتك و فەتکی دەکەن.. ؟ من پێیم وابوو ڕۆحی کچەکانمان لە شەرەفی جەستە بە سەنگ تر دەبێ... !!جا ئیتر کچەکەم چۆن بوێری کچ بێ کە شەرەفی نەتەوەیەك بە کۆڵیەوە بێ ... ؟

نازانم کەی ئەو زەمەنە دێ ئەو بارە قورسە و سەرە خۆرەی شەرەف لەکۆل ژَنان دەبتەوە و ئەم شەرەفە دەچێ لە سەر کورسی دەسەڵات لە گەڵ پیاوەکان دانیشێ ... ؟؟، وەرن ئەو شەرەفە لە کۆڵ ئێمە بکەنەوە بیبەن بۆ ناو حسابی بەنکەکانتان، ناوەڵڵا ڕاست بیبەن بۆنا و بژوێوی ئەو شەڕانەی لە سەر بەرژەوەندیەکانتا ن دروستی دەکەن و میللەتی تێوە دەگلێنن ... وەرن ئەم شەرەفە بە غار ببەن بۆ شەوە بنەوشەویەکانتان، بیبەن درۆکانتانی پێ سپی کەنەوە، وەرن بیبەن بۆ ژوورە بۆگەنیەکانتان، بۆ کوێ ی دەبەن بیبەن بەڵام با لەدامێنی ژن و کچ وەك مار چیتر پەپۆکە نەکات

حەشری مەرگی دوعا فێری کردین کە جەستە شەت و کەتیش بکرێ، بە تف و شەق و بەردو بلۆك وخوێن ڕەدم دەکرێ بەڵام ڕۆح داگیر ناکرێ و شەرەفی تاك نابەزێ،

ئەم فەریکە کچەلەدوا ساتەکانی قیامەتەکە دەستەکانی ئازادکرد لەئازار... دەم وچاوی داپۆشی تا (گەلە بکوژەکان) نەبینێ... و بۆ ساتێك دەستی بۆ (پارچە پەرۆکە) برد تا لەشی لە (گەلە بکوژەکان) بپارێزێ ... ئەو بە تەنیا لەو حەشرە بوو... وا ئەو زۆر بە تەنیا وەك نیشتمان بە (گەلە بکوژ) گەمارۆ دراوە ... .. !!!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.